وەزارەتی داد،
کاروباری ناوخۆ و کۆچ

# یاساکانی ناوخۆی IPAS

نوێکراوەتەوە لە حوزەیرانی ٢٠٢٦

**د کور مقررات په پښتو ژبه هم شتون لري. د QR کوډ سکین کړئ یا یې آنلاین وګورئ.**

**قوانین خانه به زبان فارسی نیز در دسترس است. کد QR را اسکن کنید یا به‌صورت آنلاین مشاهده کنید .**

**القانون الداخلي متوفرأيضا باللغة العربية. امسح رمز الاستجابة السريعة أو ادخل إلى الموقع الإلكتروني.**

**შინაგანაწესი ასევე ხელმისაწვდომია ქართულ ენაზეც. დაასკანირეთ QR კოდი ან ეწვიეთ ვებგვერდს.**

**Правила внутрішнього розпорядку також доступні грузинською мовою. Відскануйте QR-код або перейдіть за посиланням онлайн.**

**Las Normas de la Casa también están disponibles en español. Escanee el código QR o consúltelas en línea.**

**یاساکانی ناخو بە زمانی کوردیش بەردەستن. کودی QT سکان بکە یان بچو سەر هێڵ.**

**Le règlement intérieur est également disponible en français. Scannez le code QR ou consultez-le en ligne.**

**Xeerarka Guriga sidoo kale waxay ku qoran yihiin af-Soomaali. Iskaan garee QR code-ka ama booqo bogga internetka si aad u akhrido.**

**گھر کے قواعد و ضوابط اردو زبان میں بھی دستیاب ہیں۔ کیو آر کوڈ اسکین کریں یا انہیں آن لائن دیکھیں۔**

**Rregullat e Shtëpisë janë gjithashtu të disponueshme në gjuhën shqipe. Skanoni kodin QR ose shikojini online.**

**As Regras da Casa também estão disponíveis em português. Escaneie o código QR ou acesse online.**

**আবাসন বিধিমালা বাংলাতেও উপলব্ধ রয়েছে। কিউআর (QR) কোড স্ক্যান করুন অথবা অনলাইনে প্রবেশ করুন।**

**Nội quy Nhà ở cũng được cung cấp bằng tiếng Việt. Vui lòng quét mã QR hoặc truy cập trực tuyến.**

خزمەتگوزاری نیشتەجێکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPAS)

# یاساکانی ناوخۆی IPAS

## نوێکراوەتەوە لە حوزەیرانی ٢٠٢٦

**پێرست**


1 پێشەکیەک بۆ یاساکانی ناوخۆی IPAS ........ 3

2 پێشێلکردنی یاساکانی ناوخۆی IPAS ........ 3

3 یاساکان ........ 4

**٣.١ یاسا** ........ 4

3.2 ڕەفتار ........ 5

3.3 تەندروستی و سەلامەتی ........ 7

*3.4* **دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون** ........ 11

*3.5* **منداڵەکان** ........ 14

4 ڕێکاری سکاڵاکان ........ 16

# 1 پێشەکیەک بۆ یاساکانی ناوخۆی IPAS

خزمەتگوزاری نیشتەجێکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPAS) شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن. IPAS بەشێکە لە وەزارەتی داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچ. سەنتەرەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن کۆمپانیاکانەوە لەسەر بنەمای گرێبەست لەگەڵ IPAS، لەجیاتی IPAS بەڕێوەدەبرێن.

ئەم بەڵگەنامەیە هێڵە گشتییەکانی ئەو یاسایانە دەخاتە ڕوو کە دەبێت لە کاتی ژیان لەو شوێنانەی کە لەلایەن IPAS ـەوە دابین کراون، پەیڕەوی لێ بکرێت. یاساکانی ناوخۆ کە لەم بەڵگەنامەیەدا هاتوون، بەپێی ماددەی ٨٣ی یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی ٢٠٢٦ (کە لەمەودوا بە "یاساکە" ناودەبرێت) دەرکراون. ئەم یاسایە لە ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٢٦دا کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و پێوەرەکانی وەرگرتنی پێشکەشکارانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی دیاری دەکات لە کاتی بڕیاردان لەسەر داواکارییەکەیان. تا ئەو کاتەی کە تۆ نیشتەجێیت لە شوێنەکانی IPAS، دەبێت پابەندی ئەو یاسایانە بیت کە لەم بەڵگەنامەیەدا و لە ژێر سایەی یاساکەدا دیاری کراون.

به نیشتەجێبوونت لەو شوێنەی کە لەلایەن IPAS ـەوە دابین کراوە، تۆ ڕەزامەندی دەدەیت لەسەر پابەندبوون بەم یاسایانەی ناوخۆوە.

# 2 پێشێلکردنی یاساکانی ناوخۆی IPAS

کاتێک پێشێلکارییەکی یاساکانی ناوخۆی IPAS لەلایەن نیشتەجێبوویەکەوە ڕوودەدات، و پێشێلکارییەکە بە سروشتی خۆی بە بچووک هەژمار بکرێت و بەشێک نەبێت لە نەریتێکی بەردەوامی پێشێلکاری، بەڕێوەبەر سەرنجی نیشتەجێبووەکە بۆ بابەتەکە ڕادەکێشێت و هەوڵدەدات کێشەکە لە ناوخۆدا چارەسەر بکات – جا چ لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوەی زارەکی یان ئاگادارکردنەوەی نووسراوەوە بێت .

بەڵام ئەگەر پێشێلکردنی یاسای ناوخۆییەکە جددی بێت یان دووبارە ببێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە ناچارە ڕاپۆرتی ڕووداوەکە ڕاستەوخۆ بنێرێت بۆ .IPAS بۆ ناردنی ڕاپۆرتی ڕووداوەکە، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ئەم کارانە دەکات:

- پێشێلکارییەکە لێکۆڵینەوە دەکات؛ و
- ڕای ئەو نیشتەجێبووە/نیشتەجێبووانەی کە تێوەگلاون وەردەگرێت، مەگەر ئەوەی کارەکە نادڵنیا بێت.
- ڕاپۆرتی ڕووداوەکە بۆ IPAS دەنێرێت

ئەگەر هەر نیگەرانییەک یان کێشەیەک پەیوەست بە منداڵانەوە (هەر کەسێک کە تەمەنی لە خوار ١٨ ساڵەوە بێت) هەبێت، سەنتەرەکە ناچارە هەم Tusla (ئاژانسی منداڵ و خێزان) و هەم IPAS ئاگادار بکاتەوە .ئەگەر پێشێلکارییەکە هاوکات پێشێلکردنی یاسای ئیرلەندیش بێت یان هەڕەشەیەکی بەرچاو بێت بۆ سەر ڕێکخستنی باشی سەنتەرەکە، بەڕێوەبەری سەنتەرەکە ناچار دەبێت An Garda Síochána (پۆلیسی ئیرلەندا) ئاگادار بکاتەوە.

بەپێی یاساکە، نیشتەجێبوو دەبێت پابەندی یاساکانی ناوخۆ بێت. ئەگەر پێشێلکارییەکی جددی یان پێشێلکاری دووبارەبووەوەی یاساکانی ناوخۆ ڕوو بدات، وەزیری داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچ دەتوانێت مەرجەکانی وەرگرتن کەم بکاتەوە یان بەیەکجاری لێی بسەنێتەوە (ماددەی ٨٦ی یاساکە) یان شوێنی وەرگرتنەکە دووبارە دیاری بکاتەوە (ماددەی ٧٦ی یاساکە). ئەمەش بەو مانایەیە کە

ئەگەر تۆ یاساکانی ناوخۆت پێشێل کردبێت، ڕەنگە بگوازرێیتەوە بۆ سەنتەرێکی جیاوازی نیشتەجێبوونی IPAS، یان مەرجەکانی وەرگرتنت، کە پێکهاتووە لە شوێنی نیشتەجێبوون، هاوکارییە پەیوەندیدارەکانی دیکە و دەرماڵەی خەرجی ڕۆژانە، کەم بکرێتەوە یان لێت بسەنرێتەوە .

**گواستنەوە بۆ سەنتەرێکی جیاوازی IPAS**

هاوتەریب لەگەڵ ماددەی ٧٦ی یاساکە، ئەگەر بڕیاری گواستنەوەت بۆ سەنتەرێکی جیاواز درا، IPAS بە نووسراو کاتی گواستنەوەکە و سەنتەرە نوێیەکەی نیشتەجێبوونی IPAS ـت پێڕادەگەیەنێت. IPAS کۆپییەکی ئەم نامەیەش بۆ بەڕێوەبەری سەنتەرەکە دەنێرێت.

**سەندنەوەی مەرجەکانی وەرگرتن**

هاوتەریب لەگەڵ ماددەی ٨٦ی یاساکە، ئەگەر نیشتەجێبوویەک بە شێوەیەکی جددی یان دووبارە یاساکانی ناوخۆی پێشێل کرد، وەزیری داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچ، لە پێناو پاراستنی ڕێوڕەسمی باش و بەڕێوەبردنی سەلامەت و کاریگەری سەنتەرەکانی نیشتەجێبووندا، دەتوانێت دەستبەجێ و بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە، مەرجەکانی وەرگرتن لە نیشتەجێبووەکە بسەنێتەوە .ئەمەش بەو مانایەیە کە تۆ چیتر لەلایەن IPAS ـەوە شوێنت بۆ دابین ناکرێت.

لەکاتێکدا کە بڕیار دەدرێت مەرجەکانی وەرگرتن کەم بکرێتەوە یان بسەنرێتەوە، و چیتر شوێنی نیشتەجێبوون لەلایەن IPAS ـەوە پێشکەشی کەسەکە نەکرێت، وەزیر بە نووسراو هۆکارەکانی بڕیارەکە بۆ کەسەکە دەنێرێت.

ئەگەر تۆ دڵخۆش نیت بە بڕیاری کەمکردنەوە یان سەندنەوەی خزمەتگوزارییەکانی نیشتەجێبوون، دەتوانیت داوای پێداچوونەوەی بڕیارەکە لە IPAS بکەیت .هاوتەریب لەگەڵ ماددەی ٨٩ی یاساکە، دەتوانیت تێهەڵچوونەوە (ئۆپێڵ) بۆ ئەم بڕیارە بکەیت.

IPAS مەرجەکانی وەرگرتن بۆ پێشکەشکارانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی دابین دەکات. ئەگەر بڕیاری کۆتاییت بۆ دەرچووبێت، ڕەنگە IPAS مەرجەکانی وەرگرتنت لێ بسەنێتەوە.

# 3 یاساکان

## ٣.١ یاسا

دەبێت گوێڕایەڵی یاسای ئێرلەندا بیت. نابێت تێوەبگلێیت لە چاک چالاکییەکی تاوانکاریدا. تا ئەو کاتەی تۆ نیشتەجێی شوێنەکانی IPASـیت، هەر چالاکییەکی تاوانکاری لە ناو دەوڵەتدا وەک پێشێلکارییەکی جددی یاساکانی ناوخۆ سەیر دەکرێت .ئەمە بەسەر ئەو چالاکییە تاوانکارییانەشدا جێبەجێ دەبێت کە لە ناو شوێنەکانی IPAS ـدا ڕوویانداوە، و ئەو چالاکییە تاوانکارییانەش کە لە دەرەوەی شوێنەکانی IPAS لە ناو دەوڵەتدا ئەنجام دراون.

ئەگەر هەر کەسێک یاسای سزادان پێشێل بکات، ڕاپۆرتی لەسەر دەدرێت بە An Garda Síochána (پۆلیسی ئێرلەندا). بەڕێوەبەران ئەرکی سەرشانیانە کە هەموو بابەتە تاوانکارییەکان بە An Garda Síochána ڕابگەیەنن و هیچ دەسەڵاتێکی سەرپشکبوونیان لەم بابەتەدا نییە. بۆ هەر بابەتێک کە پەیوەست بێت بە پاراستنی منداڵەوە، بەڕێوەبەران ئەرکی سەرشانیانە ئەم کێشانە بە Tusla (ئاژانسی منداڵ و خێزان) ڕابگەیەنن، و لێرەشدا چ هیچ دەسەڵاتێکی سەرپشکبوونیان نییە.

چالاکیی تاوانکاری کە لێرەدا ئاماژەی پێکراوە، ئەمانە دەگرێتەوە بەڵام تەنها بەمانە سنووردار نییە:

- توندوتیکی، بە توندوتیژی خێزانیشەوە
- دزیکردن
- تێکدانی مۆڵک و ماڵ
- بەکارهێنان، دابینکردن یان کۆگاکردنی ماددە هۆشبەرە نایاساییەکان
- سەرخۆشی و تێکدانی ئۆقرەیی گشتی
- هەراسانکردنی سێکسی یان دەستدرێژی سێکسیێ
- ڕەگەزپەرستی، هۆمۆفۆبیا یان چاوترسێنکردن لە هەر جۆرێک بێت
- بە ئەنقەست کردنی لێدوانی درۆ، کیناوی و بۆختانئامێز، یان
- خستنە مەترسی یان زیان گەیاندن بە تەندروستی و سەلامەتی نیشتەجیبووانی دیکە یان کارمەندانی سەنتەرەکە

ئەم جۆرە ڕەفتارانە لە ژێر یاسای ئێرلەندادا نایاساییین.

### 3.1.1 مەرجەکانی "ڕاپۆرتکردن و نیشتەجێبوون"

ئەگەر تۆ کەوتوویتەتە ژێر مەرجەکانی 'ڕاپۆرتکردن و نیشـــتەجێبوون'ی ماددەی ١٠٢ و ١٠٣ی یاســـای پاراســـتنی نێودەوڵەتی ٢٠٢٦، دەبێت لەو شـوێنەدا بژیت کە لەلایەن وەزیرەوە دیاری کراوە. ئەگەر شـوێنە دیاریکراوەکە ئەو شـوێنی نیشـتەجێبوونە بێت کە پێشکەشت کراوە لە کاتێکدا دەوڵەت بڕیار لەسەر داواکاری پاراستنەکەت دەدات، ئەوا دەبێت لەوێ نیشتەجێ بیت مەگەر ئەوەی مەرجەکە لەلایەن ئەفسەری کۆچبەرانەوە بگۆڕدرێت یان لابرێت.

هەر مەرجێکی تایبەتی ڕاپۆرتکردن و ســـزاکانی جێبەجێ نەکردنیان، وەک ئەوەی لەو نامەیەدا هاتووە کە لە کاتی دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت پێدراوە.

ئەگەر هاوکاری ئەم مەرجانە نەکەیت، تۆ تاوانێک ئەنجام دەدەیت و ڕەنگە بەپێی ماددەی 86ی یاســـای پاراســـتنی نێودەوڵەتی ٢٠٢٦ ســزا بدرێیت .ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوە یان ســەندنەوەی مەرجەکانی وەرگرتنی ماددی کە بۆت بەردەســتن . ئەگەر پابەندی مەرجەکانی ڕاپۆرتکردن نەبیت، یان ئەگەر بەردەسـت نەبیت وەک ئەوەی لەلایەن دەسـەڵاتدارە پەیوەندیدارەکانەوە داواکراوە، ڕەنگە داواکارییەکەت بۆ پاراســـتنی نێودەوڵەتی بە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ (پەنهان) بکێشـــرێتەوە لە ژێر ماددەی ٧١(ف)ی یاساکەدا.

## 3.2 ڕەفتار

### 3.2.1 ڕێزگرتن

دەبێت بە شێوەیەکی ڕێزدارانە ڕەفتار بکەیت و پێویستە ڕێز لە هەر کەسێک بگریت کە دەیبینیت. هەروەها دەبێت ڕێز لە مۆڵک و ماڵی ســـەنتەرەکە و مۆڵکی نیشـــتەجێبووانی دیکە بگریت. نابێت هیچ کارێک بکەیت کە ســـەلامەتی یان ڕێورەســـمی باشـــی

سەنتەرەکەت بخاتە مەترسییەوە .لە شوێنەکانیIPAS ـــدا تۆ ڕووبەڕووی چەندین کەس دەبیتەوە جیا لەوانەی لە سەنتەرەکەدا کار دەکەن و دەژین، لەوانە کارمەندانیIPAS ، وەزارەت و ئاژانســـەکانی تری حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان(NGOs) ، ئەندامانی کۆمەڵگا، و سـەردانکەرانی نیشتەجێبووان. هەموو نیشـتەجێبووان دەبێت هەمیشـە بە ڕێزەوە سـەرەودەرە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکەن.

## 3.2.2 ڕەفتاری توندوتیژانە یان شەڕانگێزانە

ســیاســـەتێکی توند هەیە کە بریتییە لە "ســفر لێبوردەیی" (هیچ چاوپۆشـــییەک ناکرێت) بەرامبەر بە کارەکانی توندوتیژی یان شەڕانگێزی لە ناو شوێنەکانی IPAS ـــدا .نابێت بە شێوەیەکی توندوتیژ یان شەڕانگێزانە لە شوێنەکانی IPAS ڕەفتار بکەیت . کارەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە کەسـێک، بە ئەندامانی خێزانیشـەوە، یان ئاژەڵان، ئەمانە دەگرێتەوە :زللـــــەدان، بۆکس لێدان، گرتن، شـــەق لێدان، خنکاندن، چرنووک گرتن، گازگرتن، ســـووتاندن، چەقۆ لێدان یان تەقەکردن .ڕەفتارکردن بە شـــێوەیەکی توندوتیژ یان شـــەڕانگێزانە، هەروەها هەڕەشـــەکردن، هاوارکردن، گرتنی دەرگاکان بە وەســـتان تێیاندا، بەکارهێنانی قەبارەی جەستەیی بۆ چاوترسێنکردن، فڕێدانی شتومەک، یان بۆکس لێدان لە دیوارەکان دەگرێتەوە.

نابێت تێوەبگلێیت لە ڕەفتاری سووکایەتپێکەر، جیاکاریانە، ڕەگەزپەرستانە یان هۆمۆفۆبیا. ئەمەش بەکارهێنانی قسـەی سووک یان کردنی نوکتە و سەرنجی ئازاربەش دەگرێتەوە.

نابێت تێوەبگلێیت لە ڕەفتاری هەراسانکردن یان چەوساندنەوە (بۆڵیکردن). هەراسانکردن یان چەوساندنەوە بریتییە لە ڕەفتارێکی بەردەوام کە ئامانج لێی دروستکردنی ناڕەحەتییە بۆ کەسانی تر و دەکرێت جنێودانی زارەکی، هەڕەشـە، سـەرنجی بچووککەرەوە، نوکتە، توانج یان تانەدان لە کەسانی تر بگرێتەوە.

## 3.2.3 خاوەندارێتی چەک

بۆت نییە چەک یان هەر شـــتێک کە بە شـــێوەیەکی باو وەک چەک بەکاردێت هەبێت یان کۆگای بکەیت، لەوانە چەقۆ، چەکی هاوشێوەی ڕاستی (کۆپی)، شمشێری ڕێوڕەسمی و هتد.

## 3.2.4 دەنگەدەنگ

نابێت دەنگەدەنگی زۆر دروسـت بکەیت، بەتایبەتی لە نێوان کاتژمێر ١٠ی شـەو بۆ ٨ی بەیانی. دەبێت ڕەچاوی نیشـتەجێبووانی دیکە و دراوسێکان بکەیت و لەبیرت بێت کە هەموو نیشتەجێبووان مافی ئەوەیان هەیە بە ئارامی لە سەنتەرەکە بەهرەمەند بن.

## 3.2.5 جگەرەکێشان

نابێت جگەرە یان ڤەیپ (جگەرەی ئەلیکترۆنی) لە هیچ شـوێنێکی ناوەوەی سـەنتەرەکەدا بکێشـیت .نابێت چاشـنای دۆزەرەوەی دووکەڵ (دووکەڵ دۆزەرەوەکان) داپۆشیت، چونکە ئەمە دەکرێت مەترسییەکی جددی ئاگرکەوتنەوە بێت.

### 3.2.6 کحول و مادده هۆشبەرە نایاساییەکان

نابێت کحول یان مادده هۆشبەرە نایاساییەکان لە سەنتەرەکەدا بەکاربهێنیت یان کۆگای بکەیت .ئەو کەسانەی لە ژێر کاریگەری کحول، دەرمانی بێ ڕەچەتە یان ئەو ماددانەدان کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاریان دادەنێت، ڕێگەیان پێ نادرێت بێنە ناو شوێنەکە.

## 3.3 تەندروستی و سەلامەتی

### 3.3.1 ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەری سەنتەرەکە

نابێت چ کارێک بکەیت کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم تەندروستی و سەلامەتی گشتی سەنتەرەکە .ئەمەش ئەمانە دەگرێتەوە، بەڵام تەنها بەمانە سنووردار نییە :هەبوونی ئەو شتانە لە ژوورەکەتدا یان لە لاتدا کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر سەلامەتی ئاگری سەنتەرەکە هەبێت یان مەترسیدار بن بۆ سەر تەندروستی خەڵک.

لە پێناو بەڕێوەچوونی بێ کێشە، ڕێورەسمی باش و سەلامەتی سەنتەرەکە و ئەو کەسانەی لە سەنتەرەکەدان، دەبێت پەیڕەوی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە و کارمەندانی سەنتەرەکە بکەیت سەبارەت بە سەرجەم بابەتەکانی نیشتەجێبوون.

### 3.3.2 پشکنینی ژوورەکان

بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە دەبێت پشکنینی ڕێکخراو بۆ هەموو ژوورەکانی ناو سەنتەرەکە ئەنجام بدات .دەبێت هاوکاری ئەم پشکنینانە بکەیت .کاتی پشکنینەکانت پێڕادەگەیەنرێت، کە بە گشتی لەسەر بنەمایەکی خولیی پێشبینیکراو دەبێت .ڕەنگە پێویستی بە پشکنین لە دەرەوەی ئەم خشتەیەش هەبێت؛ لەو جۆرە حاڵەتانەدا دوای سێ جار داواکردنی بینینی ژوورەکەت بێ سەرکەوتن، بەڕێوەبەرەکە دەتوانێت ئاگادارکردنەوەیەکی فەرمیت پێبدات کە لە ڕێککەوت و کاتێکی دیاریکراودا پشکنینی ژوورەکە دەکەن . بەڕێوەبەرەکە دەتوانێت بێ ئاگادارکردنەوە بێتە ژوورەکانەوە ئەگەر پێی وابێت مەترسییەکی دەستبەجێی تەندروستی و سەلامەتی هەیە.

ژوورەکەت دەکرێت بپشکێنرێت لەلایەن:

- کارمەندانی وەزارەتی داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچ بە کارمەندانی IPAS ـیشەوە، یان
- پشکێنەرانی دیکە کە لەلایەن وەزارەتەوە دەستنیشان کراون.

ئامانج لە پشکنینەکان لەلایەن IPAS یان لەجیاتی IPAS دڵنیابوونەوەیە لەوەی کە هەموو مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی جێبەجێ کراون؛ کە ئەو کۆمپانیایەی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دابین دەکات پابەندە بە بەڵێننامە گرێبەستییەکانی خۆی؛ و تۆ سەرجەم خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان وەردەگریت.

ئەم پشکنینانە لەلایەن یان لەجیاتی IPAS بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە ئەنجام دەدرێن .نە بەڕێوەبەری سەنتەرەکە و نە تۆش پێتان ناگوترێت کەی ئەم پشکنینانە ئەنجام دەدرێن .ئەگەر تۆ لەوێ نەبیت، پشکنینەکە لە غیابی تۆدا ئەنجام دەدرێت.

### 3.3.3 ژوورەکەت

تۆ بەرپرسیاریت لە دڵنیابوونەوە لە پاکوخاوێنی، ڕێکپۆشی و هەواگۆڕکێی ژوورەکەت لە هەموو کاتێکدا .دەبێت بەڕێوەبەرایەتی سەنتەرەکە ئاگادار بکەیتەوە ئەگەر کێشەیەک دروست بوو وەک شێی بەردەوام، کەڕوو (مۆڵد)، یان چالاکی زۆری مێرووەکان.

کەرەستە کارەباییە بچووکەکان و پلاک گۆڕەرەکان (ئەداپتەرەکان) دەکرێت مەترسی ئاگرکەوتنەوە بن، هەموو ئەم جۆرە شتانە دەبێت لەلایەن بەڕێوەبەری سەنتەرەوە پەسەند بکرێن کە دڵنیا دەبێتەوە لەوەی پێوەرە پێویستەکانی سەلامەتی تێدایە.

بۆت نییە کەرەستە کارەباییە گەورەکان وەک سەلاجە یان بەفرگر (فریزەر) لە ژوورەکاندا دابنێیت .ئەگەر پێشتر دەستت بە سەلاجە ڕانەگەیشتووە و پێویستت بە شوێنی سەلاجە هەیە بۆ ئەو دەرمانانەی کە پێویستیان بە کۆنترۆڵی پۆلێنی گەرمی هەیە یان شیری دایک، تکایە لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەرەکەت قسە بکە، کە ئەو چارەسەرێکت بۆ دابین دەکات .چارەسەرەکە دەکرێت سەلاجەیەکی بچووک بێت کە لەلایەن سەنتەرەکەوە دابین دەکرێت و دەکرێت بە سەلامەتی لە ژوورەکەدا کۆگا بکرێت یان دەستڕاگەیشتن بێت بە سەلاجەیەک لە شوێنێکی تری سەنتەرەکەدا.

بۆت نییە هیچ مۆبیلیاتێک لە ژوورەکەتدا دابنێیت کە لەلایەن سەنتەرەکەوە دابین نەکراوە.

هەبوونی کەلوپەلی زۆر لە ڕادەبەدەر کە ببێتە هۆی قەرەباڵغی یان بەربەست دروستکردن ڕێگەپێدراو نییە.

دەبێت ژوورەکەت بە دوور بگریت لە مەترسییەکانی ئاگرکەوتنەوە .ئەمەش هێشتنەوەی ڕێگاکانی چوونەژوورەوە و چوونەدەرەوە بە ڕوونی و کۆگا نەکردنی ئەو شتانە دەگرێتەوە کە دەکرێت ببنە مەترسی ئاگرکەوتنەوەی شاراوە.

### 3.3.4 خۆراک و لێنان

نابێت خۆراک لە ژوورەکەتدا کۆگا بکەیت، لێبنێیت یان ئامادە بکەیت .بۆت نییە ئامێری لێنانی خۆراک یان ئامادەکردنی خۆراک وەک خەڵاتە (بلێندەر)، تۆستەر، چایکوڵێن، مایکرۆوەیڤ، مەنجەڵی کارەبایی و هتد لە ژوورەکەتدا دابنێیت.

### 3.3.5 خۆڵ و خاشاک

تۆ بەرپرسیاریت لە پاککردنەوەی دوای خۆت لە هەموو ناوچەکانی سەنتەرەکەدا، لەوانەش خستنی هەموو خۆڵەکە بۆ ناو سەتڵە دابینکراوەکان و سڕینی ڕووەکان.

### 3.3.6 ئاژەڵە ماڵییەکان

ناتوانیت ئاژەڵی ماڵی یان هەر جۆرە ئاژەڵێک لە سەنتەرەکەدا ڕابگریت .ئەو سەگایانەی یارمەتیدەرن (سەگی هاوەڵ) کە بە تەواوی باوەڕپێکراو، تۆمارکراو و پشتڕاستکراون، ڕێگەپێدراون .دەبێت پێش ئەوەی ڕێگە بە هەر سەگێکی یارمەتیدەر بدرێت لە شوێنەکەدا بێت، مۆڵەت لە IPAS وەربگیرێت، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ "سیاسەتی سەگی خزمەتگوزاری IPAS" .

## 3.3.7 ئۆتۆمبێلەکان و ئۆتۆمبێلە کارەباییە سووکەکان

ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل (پارکینگ) خزمەتگوزارییەک نییە کە لەلایەنIPAS ــــــەوە دابین بکرێت .ئەگەر پارکینگ لە ســەنتەرێکدا هەبێت، بەڕێوەبردن و تەرخانکردنی پارکینگەکە لەســـەر خواســـتی بەڕێوەبەرایەتی ســـەنتەرەکە دەبێت .ئەگەر ئۆتۆمبێلێکت لە گۆڕەپانی سەنتەرەکەدا ڕاگرتووە، دەبێت بتوانیت بیسەلمێنیت کە:

- خاوەنی ئەویت؛
- باجی تەواوی لێدراوە (تاکس)؛ و
- بیمەی تەواوی هەیە (ئینشورەنس).

شـەحنکردنەوە یان کۆکردنەوە و هەڵگرتنی پاسـکیلی کارەبایی، سـکۆتەری کارەبایی، سـەکۆی خلیسـکانی کارەبایی (ئێسـکەیت بۆرد)، پاترییەکانیان یان کەلوپەلی هاوشـێوە، بە توندی لە ناو باڵەخانەی سـەنتەرەکەدا قەدەغەیە. ڕەنگە هەندێک سـەنتەر بتوانن شوێنی هەڵگرتن یان دامەزراوەی شەحنکردنەوە لە دەرەوەی باڵەخانەکە دابین بکەن؛ لەو شوێنانەی کە دابینکراوە، لەسەر بریاری بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکەیە و لە هیچ سەنتەرێکدا گرەنتی نەکراوە.

## 3.3.8 سەردانیکەران

ســـەردانیکردن بە گشـــتی لە نێوان کاتژمێر ١٠ی بەیانی بۆ ١ی پاش نیوەڕۆ و کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ بۆ ٨ی شـــەو ڕێگەی پێدراوە. بەڕێوەبەری سـەنتەرەکە دەتوانێت کاتەکانی سـەردانیکردن و ژمارەی گشـتیی سـەردانیکەران لە هەر کاتێکدا سـنووردار بکات ئەگەر پێی وابێت کە مەترسی لەسەر تەندروستی و سەلامەتی هەیە.

ڕەنگە ڕێگە بە ســـەردانیکەران بدرێت بچنە ناو ئەو شـــوێنانەی کە بۆ ســـەردانیکردن یان ناوچە گشـــتییەکان دیاریکراون. دەسـتراگەیشـتن بە ژووری نوسـتنی نیشـتەجێبووان یان شـوێنەکانی ژیانی تایبەتییان ڕەنگە سـنووردار یان قەدەغە بکرێت بەپێی نەخشـە و پێداویسـتییەکانی سـەلامەتی هەر سـەنتەرێکی تاکەکەسـی. پێویسـتە نیشـتەجێبووان و سـەردانیکەران پابەندی هەموو ئەو ڕێنماییانە بن کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکەوە سەبارەت بە هاتنەژوورەوەی سەردانیکەران دابینکراون .

بەڕێوەبەرانی سـەنتەرەکە یان تیمی پاسـەوانی (سـیکیوێریتی) دەتوانن ڕێگری لە هاتنەژوورەوەی بکەن، ژمارەی سـەردانیکەران سنووردار بکەن، یان داوا لە سەردانیکەران بکەن شوێنەکە جێبهێڵن ئەگەر:

- مەترسییەکی دەستنیشانکراوی تەندروستی و سەلامەتی یان ئەمنی هەبێت.
- سـەردانیکەرەکە هەڕەشـە لەسـەر هەر کەسـێکی ئامادەبوو لە سـەنتەرەکەدا یان لەسـەر موڵکی سـەنتەرەکە یان موڵکی نیشتەجێبووان دروست بکات.

لەو حاڵەتەدا، بەڕێوەبەری سـەنتەرەکە لایەنی IPAS و نیشـتەجێبووەکە لە هۆکارەکانی ئەو جۆرە ڕەتکردنەوەیە ئاگادار دەکاتەوە. لایەنیIPAS ، و بەڕێوەبەرایەتی سـەنتەرەکە بە ڕەزامەندیIPAS ، دەتوانن کاتەکانی سـەردانیکردنی سـەنتەرێکی دیاریکراو، ماوەی ئەو کاتەی کە سەردانیکەران دەتوانن لە سـەنتەرەکەدا بمێننەوە، و ژمارەی ئەو سـەردانیکەرانەی کە نیشـتەجێبووان دەتوانن لە هەر کاتێکدا هەیانبێت، هەموار بکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەش، پێویستە لە هەموو کاتێکدا چاودێریی ئەمانەی خوارەوە بکرێت:

- سەردانیکەران دەبێت کارمەندان ئاگادار بکەنەوە کە دەیانەوێت سەردانی کێ بکەن و تۆماری سەردانیکردن (لۆگ) پڕبکەنەوە.
- پێویستە نیشتەجێبووان خۆیان پێشوازی لە میوانەکەیان بکەن .
- پێویستە نیشتەجێبووان دڵنیابن لەوەی میوانەکەیان ڕێز لە مافەکانی نیشتەجێبووانی تر دەگرێت .
- سەردانیکەران دەبێت فۆرمێک واژۆ بکەن کە تێیدا هاتووە پابەندی ڕێساکان و سیاسەتەکانی ناوماڵی IPAS دەبن .
- سەردانیکەران دەبێت واژۆ لەسەر بەڵگەنامەی لێخۆشبوون (داکۆکیکردن لە ماف) بکەن سەبارەت بە هەر زیانێک یان پێکانێک کە لە ماوەی سەردانەکەدا تووشیان دەبێت .
- هەموو کەمینە تەمەنەکانی (منداڵانی) سەردانیکەر دەبێت لەگەڵ کەسێکی گەورەدا بن و ناکرێت منداڵانی نەبوو بە نیشتەجێ لە سەنتەرەکەدا بن بەبێ ئامادەبوونی دایک و باوک یان سەرپەرشتیار .

کاتێک میوانێکت لە سەنتەرەکەدا هەیە، تۆ بەرپرسیاریت لە دڵنیابوون لەوەی کە ئەوان پابەندی ڕێساکان دەبن و ڕەنگە بەرپرسیار بیت لە هەر کێشەیەک کە لە ئەنجامی ڕەفتاری ئەوانەوە دروست دەبێت.

## 3.3.9 سەلامەتی لە ئاگرکەوتنەوە

تکایە دڵنیابە کە ئاگاداری نزیکترین ڕێڕەوی چۆڵکردنی فریاگوزاری ئاگرکەوتنەوەیت لە ژوورەکەتەوە. زانیاری وردی ڕێڕەوی چۆڵکردنەکەت پێویستە لە ژووری نوستنەکەتدا پیشان بدرێت. ئەگەر پیشان نەدراوە, تکایە پەیوەندی بە بەڕێوەبەری سەنتەرەکەتەوە بکە. ئاگادارکردنەوەکانی ئاگرکەوتنەوە لەسەر دیوارەکانی سەنتەرەکەدا هەن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن بزانیت چی بکەیت ئەگەر ئاگرکەوتنەوە یان ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە (درێل) هەبوو.

دەبێت هاوکاری کارمەندانی سەنتەرەکەت بکەیت ئەگەر سەنتەرەکە چۆڵ دەکەن بەهۆی ئاگرکەوتنەوە یان ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە. سەنتەرەکە تا ڕادەیەک زوو زوو ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە ئەنجام دەدات، بۆ ئەوەی دڵنیابێتەوە کە دەزانیت چ ڕێگایەکی دەربازبوون دەتوانیت بەکاربهێنیت و لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا لە کێدا کۆببیتەوە. ئەگەر ئاگرکەوتنەوە یان ڕاهێنانی ئاگرکەوتنەوە هەبێت، زەنگی ئاگادارکردنەوەکە بە بەردەوامی لێدەدات. کاتێک گوێت لەم زەنگە بوو، تکایە دەستبەجێ لە ڕێگەی نزیکترین دەرچاوەوە باڵەخانەکە بەجێبهێڵە و برۆ بۆ شوێنی کۆبوونەوەکە.

دایک و باوک و سەرپەرشتیاران پێویستە (کاتێک سەلامەتە بۆ ئەنجامدان) دڵنیابن لەوەی منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبەن کاتێک سەنتەرەکە چۆڵ دەکەن. جگە لەوەش، دایک و باوک و سەرپەرشتیاران دەبێت بە بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە بڵێن ئەگەر هەرکام لە منداڵەکانیان لەو کاتەدا لە ناو شوێنەکەدا نەبن، بۆ نموونە ئەگەر لە قوتابخانە بن.

تۆ نابێت دەستکاری دەرگاکانی ئاگرکەوتنەوە، دەرچەکانی ئاگرکەوتنەوە، ئاگادارکردنەوەکانی ئاگرکەوتنەوە یان کەلوپەلەکانی سەلامەتی ئاگرکەوتنەوە بکەیت. دەبێت دەرچەکانی ئاگرکەوتنەوە لە هەموو کاتێکدا چۆڵ و پاک ڕابگیرێت. نابێت دەرگاکانی ئاگرکەوتنەوە بە کراوەیی ڕابگیرێت بە هۆی چەسپاندنیان بە هەر هۆکارێک بێت. تۆ نابێت دەستکاری کەلوپەلەکانی سەلامەتی ئاگرکەوتنەوە بکەیت لەوانەش ئاگرکوژێنەوەکان (مەتفەکان)، بۆرییەکانی ئاگرکەوتنەوە، یان ئامێرەکانی زەنگی ئاگادارکردنەوەی ئاگرکەوتنەوە.

ئەگەر ئاگرکەوتنەوەیەکت دۆزییەوە، تکایە نزیکترین خاڵی لێدانی زەنگی ئاگرکەوتنەوە چالاک بکە و پاشان دەستبەجێ باڵەخانەکە بەجێبهێڵە. هەوڵ مەدە خۆت ڕووبەڕووی ئاگرەکە ببیتەوە.

## 3.4 دیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوون

لەسەر بنەمای بەشی ٧٦ی یاساکە، وەزیری داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچ ئەو سەنتەرە دیاری دەکات کە IPAS شوێنی نیشتەجێبوونی لێ پێشکەش بە تۆ دەکات. دەبێت پابەندبیت بە ڕێنماییەکانی IPAS و بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە سەبارەت بە نیشتەجێبوون و چۆڵکردنی ژوورەکەت. لەبەر هۆکاری کارگێڕی، ڕەنگە IPAS پێویستی بەوەبێت کە تۆ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە. لە ناوخۆی سەنتەرێکدا، ڕەنگە داوات لێبکرێت بە فەرمانی IPAS یان بەڕێوەبەرایەتیی سەنتەرەکە لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بگوازرێیتەوە. دەبێت هاوکاریی بکەیت لەگەڵ هەر گواستنەوەیەکی شوێن یان گواستنەوەی ژوورەکان.

ئەگەر بە هەر هۆکارێک پێشنیارێکی IPAS بۆ شوێنی نیشتەجێبوون ڕەتبکەیتەوە، ڕەنگە وەک ڕەتکردنەوەی مەرجەکانی پێشوازیکردن هەژمار بکرێت و ئەگەری هەیە مافی پێشنیارەکانی دواتری شوێنی نیشتەجێبوونت نەبێت.

تاکە بارودۆخ کە تێیدا داواکاری بۆ شوێنی نیشتەجێبوون لە شوێنی دیاریکراودا ڕەچاو بکرێت، تەنها لە حاڵەتە ناوازەکانی پێداویستییە جددییەکانی پزیشکیدایە. تکایە سەیری پرۆتۆکۆلی IPAS بۆ داواکارییەکانی گواستنەوەی پزیشکی بکە، ئەگەر دەتەوێت داواکارییەک پێشکەش بکەیت

:https://assets.gov.ie/static/documents/7027f7e8/IPAS_Medical_Transfer_Request_2026.pdf

داواکاری بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت لە ناو شوێنەکانی نیشتەجێبوونی IPAS دا، وەک مانەوە لە ژووری تاکەکەسی، تەنها لە بارودۆخی ناوازەدا ڕەچاو دەکرێت کە تێیدا بسەلمێنرێت ئەمە زۆر پێویستە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی چاودێریی تەندروستیت. تکایە سەیری پرۆتۆکۆلی IPAS بۆ داواکردنی ڕەچاوکردنی زیادە لەسەر بنەمای پزیشکی بکە، ئەگەر دەتەوێت داواکارییەک پێشکەش بکەیت :

https://assets.gov.ie/static/documents/191e37d5/IPAS_Medical_Consideration_Request_2026.pdf

### *3.4.1 گواستنەوەی سەنتەری نیشتەجێبوون*

هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە لە سەنتەرێکی دیاریکراودا بژیت. ڕەنگە داوات لێبکرێت کە بگوازرێیتەوە بۆ سەنتەرێکی جیاواز. پێش ئەوەی گواستنەوەکە ڕووبدات، ئاگادار دەکرێیتەوە. ڕەتکردنەوەی هاوکاری لەگەڵ گواستنەوەکاندا سەرپێچیکردنی ڕێساکانی ناوماڵە (House Rules). نەبوونی لە شوێنی نیشتەجێبوونی IPAS بۆ ئەوانەی مەرجی 'ڕاپۆرتکردن و نیشتەجێبوون'یان لەسەرە

ئەگەر داواکارییەکەت لەژێر ڕێکارەکانی سنووریی پەنابەرێتیدا بێت(asylum border procedure) ، بەپێی بەشی 184ی یاساکە لەسەرتە لە سەنتەرێکی ڕێکاری سنووریی پەنابەرێتیدا نیشتەجێ بیت لە کاتی لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکەتدا. پێویستە لە سەنتەرەکەدا بژیت و ئامادەیی خۆت بە شێوەی ڕۆژانە پشتڕاست بکەیتەوە. ئەو کەسانەی لە ڕێکاری سنووریدان ناتوانن سوودمەند بن لە ماوەی پشووە ڕاگەیەندراوەکانی IPAS. ئامادەبوونت لە ڕێگەی ئامرازی ئەلیکترۆنی یان ئامرازەکانی تری

دابینکراوەوە پشـــتڕاســـت دەکرێتەوە. بەڕێوبەری ســـەنتەرەکەت دەتوانێت ئەمەت بۆ ڕوون بکاتەوە. ئەگەر بەهۆی هۆکاری پزیشکییەوە بۆ شەوێک لە سەنتەرەکە دوور دەکەویتەوە، لە زووترین کاتدا بەڕێوبەری سەنتەرەکەت ئاگادار بکەرەوە.

ئەگەر بۆ ماوەی 3 ڕۆژی لەســـەریەک ڕاپۆرت نەکەیت، ئەوا ئەرکەکانی ڕاپۆرتکردنی خۆت بەپێی یاســـاکە پێشـــێل کردووە و ئەمەش بە نوسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO) ڕادەگەیەنرێت.

وەک دەرئەنجامێکی نەبوونت لەو شـــوێنی نیشـــتەجێبوونەی بۆت دیاریکراوە بەبێ مۆڵەت، مافی دەســـتڕاگەیشـــتن بە شـــوێنی نیشتەجێبوونەکەت لێ وەردەگیرێتەوە و ڕەنگە IPO بڕیار بدات کە داواکارییەکەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پاشەکشەپێکراو (implicitly withdrawn)دابنێت بەپێی بەشی 71 (f)لە یاساکەدا IPAS .هیچ تێوەگلان یان دەستوەردانێکی لەم بڕیارەدا نییە.

## 3.4.2 نەبوونی لە شوێنی نیشتەجێبوونی IPAS بۆ ئەو نیشتەجێبووانەی مەرجی 'ڕاپۆرتکردن و نیشتەجێبوون'یان لەسەر نییە

لەسەر بنەمای بەشی 76 لە یاساکەدا، شوێنی نیشتەجێبوون بەو تێگەیشتنەوە پێشکەشت دەکرێت کە تۆ بە شێوەیەکی ڕۆژانە لەو سەنتەری نیشتەجێبوونەدا دەژیت کە بۆت تەرخانکراوە. ئەمە بەرپرسیارێتی IPAS ـــــە کە دڵنیام بکاتەوە شوێنی نیشتەجێبوون بەردەستە بۆ هەموو داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی کە توانای دارایی پێویستیان نییە، و تەواوی ئەو جێگایانەی تەرخانکراون بە شـێوەیەکی بەردەوام بەکاردەهێنرێن. ئامادەبوون لە ســەنتەرەکاندا لە لایەن بەڕێوبەرانی ســەنتەرەکان و لە لایەنIPAS ـــــەوە چاودێری دەکرێت.

IPASبەڕێوبەرانی سـەنتەرەکان لە ماوەی پشـووە ڕێگەپێدراوەکان ئاگادار دەکاتەوە. ئەم ماوەی پشـووانە ڕێگە بە نیشـتەجێبووان دەدەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئامادە نەبن (ئەمە ئەو کەسـانە ناگرێتەوە کە مەرجەکانی ڕاپۆرتکردن و نیشـتەجێبوونیان لەسـەرە، سـەیری سـەرەوە بکە). تکایە دڵنیابەرەوە لە پڕکردنەوەی فۆرمی پێویسـت و پێشـکەشـکردنی بە بەڕێوبەری سـەنتەرەکەت ئەگەر دەتەوێت لەم ماوە ڕێگەپێدراوەدا ئامادە نەبیت.

گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە لە دەرەوەی ماوەی پشـووە ڕاگەیەندراوەکاندا، نەبوون تەنها لە بارودۆخی ناوازەدا ڕێگەی پێدەدرێت و ئەویش کاتێک کە پێشوەختە لە لایەن بەڕێوبەری سەنتەرەکەتەوە پەسەند کرابێت.

ئەگەر خۆت، یان منداڵەکانت، پلانتان هەیە لە سەنتەری نیشتەجێبوونەکەتان ئامادە نەبن، دەبێت پێشوەختە بەڕێوبەری سەنتەرەکەت لەو نەبوونە پلاندارێژراوە ئاگادار بکەیتەوە. پێویســـتە بەڵگەنامەکە پڕ بکەیتەوە) فۆرمی ئاگادارکردنەوەی نەبوون لە شـــوێنی نیشـــــتەجێبـوون (Notice of Absence from Accommodation form - کە لە لایەن دابینـکەری شـــــوێنی نیشـتەجێبوونەکەتەوە بەردەســـتە. پاشـــان دەبێت ئەم بەڵگەنامەیە پێشـــکەشـــی بەڕێوبەری ســـەنتەرەکەت بکرێت کە ئەویش یا داواکارییەکەت پەسەند دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە.

بەڕێوبەرانی سـەنتەرەکانی IPAS سـیسـتمێکی پشـتڕاسـتکردنەوە پەیرەو دەکەن بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی نەبوونی نیشـتەجێبووان لە سـەنتەرەکەدا. وەک بەشـێک لە ڕێساکانی ناوماڵ، تۆ پابەندیت بە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەم سیستەمەدا. ئەو نەبوونانەی کە مۆڵەتیان لەسەر نییە بە IPAS ڕادەگەیەنرێن.

### 3.4.3 نەبوون بەبێ مۆڵەت

ئەگەر بۆ ماوەیەک لە دەرەوەی کاتەکانی پشووی ڕێگەپێدراودا ئامادە نەبیت، و بەبێ ئەو مۆڵەتە بێت کە لە بەشی 3.4.2ـدا باسی لێوەکراوە، ئەم نەبوونە وەک "نەبوونی بێ مۆڵەت" بۆ مەبەستەکانی بەشەکانی 3.4.5 و 3.4.4 هەژمار دەکرێت.

### 3.4.4 ماوەی نەبوونی بێ مۆڵەت

کاتێک نەبوونی بێ مۆڵەت لەم ماوانەی خوارەوە زیاتر بێت، تۆ ڕێساکانی ناوماڵت پێشێل کردووە و ڕووبەڕووی ئەو ڕێکارانە دەبیتەوە کە لە بەشی 3.4.5 دا هاتوون:

- نەبوون بەبێ مۆڵەت بۆ ماوەی 7 ڕۆژی لەسەریەک
- نەبوون بەبێ مۆڵەت بۆ ماوەی 10 ڕۆژ لە چوارچێوەی ماوەیەکی بەردەوامی 4 هەفتەییدا.

### 3.4.5 لادانی مافی دەستڕاگەیشتن بە شوێنی نیشتەجێبوون

بەپێی بەشی 86 (f)(3)لە یاساکەدا، لەو شوێنەی کە تۆ بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوویت بۆ ئەو ماوانەی لە بەشی 3.4.4 ـدا هاتوون، دەکرێت ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بگیرێنەبەر:

*<u>بۆ داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی:</u>*

- شوێنی نیشتەجێبوون لەو شوێنەی ئێستات لێ وەردەگیرێتەوە. ڕەنگە شوێنی نیشتەجێبوونت لە شوێنێکی جێگرەوە پێشکەش بکرێت، ئەگەر شوێنی وەها بەردەست بێت.

یان

- مەرجەکانی پێشوازیکردن (Reception conditions) بەپێی بەشی 86 ی یاساکە لێ وەردەگیرێتەوە و مافی دەستڕاگەیشتن بە شوێنی نیشتەجێبوونی IPAS لادەبرێت.

لە هەردوو بارودۆخەکەدا، جێگای خەوتنەکەت لە سەنتەری نیشتەجێبوونی ئێستاتدا بۆ داواکارێکی تری پاراستنی نێودەوڵەتی تەرخان دەکرێتەوە.

*<u>بۆ ئەو کەسانەی لە شوێنی نیشتەجێبوونیIPAS دان و بڕیار لەسەر داواکارییەکەیان دراوە:</u>*

هیچ پێداویستییەکی یاسایی نییە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو نیشتەجێبووانەی IPAS کە بڕیاری کۆتاییان لەلایەن وەزیری داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچەوە بۆ دەرچووە. لەو شوێنەی کە تۆ مۆڵەتی لەو شێوەیەو پێگەیشتووە و وەک "نەبوونی بێ مۆڵەت" لە سەنتەری نیشتەجێبوونەکەت ئەژمار کراویت، شوێنی نیشتەجێبوونەکەت لێ وەردەگیرێتەوە و بۆ داواکارێکی پاراستنی نێودەوڵەتی تەرخان دەکرێتەوە.

### 3.4.6 نەبوونەکان ڕەنگە کاریگەری بکەنە سەر دەرماڵەی خەرجییەکانی ڕۆژانە

نەبوونت لە سەنتەرەکەت ڕەنگە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی ئایا مافی وەرگرتنی دەرماڵەی خەرجییەکانی ڕۆژانەت (Daily Expenses Allowance)هەیە یان نا. تکایە سەیری ڕێسای 3.5.5یش بکە سەبارەت بە نەبوونی منداڵان لە سەنتەرەکاندا.

### 3.4.7 ئەگەر بۆ هەمیشە باریت و دەڕۆیت

دەبێت بە بەڕێوبەری سەنتەرەکە بڵێیت ئەگەر بۆ هەمیشە لە سەنتەرەکە دەڕۆیت و دەچیتە دەرەوە.

### 3.4.8 گۆڕینی ناونیشان

ئەگەر تۆ نیشتەجێیت لە یەکێک لە سەنتەرەکانی IPAS و ناونیشانی خۆت دەگۆڕیت، بە گواستنەوەش بۆ سەنتەرێکی تری نیشتەجێبوونەوە، دەبێت نامە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بنوسیت بە نوسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیشەوە (IPO) بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکەیتەوە. ئەم فۆرمانە بە شێوەی ئۆنلاین لە لایەنIPO ـەوە لەم ناونیشانەی خوارەوەدا بەردەستن:

https://www.ipo.gov.ie/en/ipo/pages/customerservicehomepage

ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار نەکەیتەوە کە ناونیشانت دەگۆڕیت، ڕەنگە نەتوانیت ئاگادارکردنەوە گرنگەکان سەبارەت بە داواکارییەکەت پێ بگات. ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی ئەوەی نەتوانیت پابەندبیت بەو وادە دیاریکراوانەی کە بۆ پێشکەشکردنی بەڵگەنامەکان، تێهەڵچوونەوەکان (appeals) و هاوشێوەکانیان دانراون. بەپێی بەشی 65 (b)(2)لە یاساکەدا، ئەوە بەرپرسیارێتی تۆیە کە ناونیشانی خۆت لەلای IPO نوێ بکەیتەوە.

### 3.4.9 ڕۆشتنی سەربەخۆ

ئەگەر ئێرلەندا جێدەهێڵیت، پێویستە وەزارەتی داد، کاروباری ناوخۆ و کۆچ ئاگادار بکەیتەوە. پێویستە بەڵگەی ڕۆشتن (بۆ نموونە: بلیت - boarding pass یان مۆری دووبارە چوونەژوورەوەی پاسپۆرت) بنێریت بۆ: voluntaryreturns@justice.ie و پاشان وەزارەت کەیسەکەت لادەخات. سەرپێچیکردن لەمەدا ڕەنگە ببێتە هۆی قەدەغەکردنی چوونەژوورەوەی تەمەنی بۆ هەمیشە بۆ ناو ئێرلەندا و یەکێتی ئەوروپا.

## 3.5 منداڵەکان

### 3.5.1 قوتابخانە

پێویستە دڵنیابیتەوە لەوەی منداڵەکەت دەچێتە قوتابخانە.

هەر منداڵێک لە نێوان تەمەنی 6 بۆ 16 ساڵیدا دەبێت بچێتە قوتابخانە یان بە پێچەوانەوە خوێندن وەربگرێت بەپێی یاسای پەروەردە (خۆشگوزەرانی) ساڵی 2000. منداڵان دەبێت لانیکەم سێ ساڵ لە قوتابخانەی پۆست-پرایمەری/ئامادەیی تەواو بکەن پێش جێهێشتنی قوتابخانە. زۆربەی منداڵان لە مانگی ئەیلولی دوای چوارەم یان پێنجەمین ساڵیادی لەدایکبوونیان دەست بە قوتابخانە دەکەن.

کاتێک منداڵەکەت لە قوتابخانە ناونووس دەکرێت، دەبێت هەموو ڕۆژێک ئامادەبێت. پێویستە بە قوتابخانەکە بڵێیت ئەگەر منداڵەکەت بەهۆی نەخۆشی یان هۆکاری ترەوە لە قوتابخانە دابڕاوە.

### 3.5.2 چاودێری و سەلامەتی

وەک دایک و باوک یان سەرپەرشتیاری یاسایی، تۆ بەرپرسیارێتی چاودێری و سەلامەتی منداڵەکانت لەسەر شانە .

لە ئێرلەندا، تا تەمەنی 18 ساڵی، کەسەکە لە ڕووی یاساییەوە بە منداڵ دادەنرێت. دەبێت دڵنیابیت لەوەی منداڵەکانت لە لایەن کەسێکی گەورەی گونجاوەوە چاودێری دەکرێن کاتێک تۆ لە سەنتەرەکەدا نیت .

لە ئێرلەندا، لێدان یان کێشان بە منداڵدا لەلایەن هیچ کەسێکی گەورەوە ڕێگەپێدراو نییە، چ لە ماڵەوە بێت یان لە قوتابخانە، و هەموو جۆرە سزایەکی جەستەیی منداڵان پێچەوانەی یاسایە، وەک لەژێر یاسای (منداڵان لە پێشەنگدا)ی ساڵی 2015 و یاسای پەروەردەی ساڵی 1998دا هاتووە. ئەمە وەک تاوان سەیر دەکرێت و بەڕێوبەران پابەندن بەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە ڕەوانەی An Garda Síochánaو Tusla (ئاژانسی منداڵ و خێزان) بکەن.

### 3.5.3 ڕێبازی پاراستنی منداڵ و پاراستنی خۆشگوزەرانی

IPASڕێبازی پاراستنی منداڵانی لە هەر یەک لە سەنتەرەکانیدا هەیە.' IPAS ڕێبازی پاراستنی منداڵ و پاراستنی خۆشگوزەرانی' بڵاوکردووەتەوە. هەر سەنتەرێک ڕێباز و بەیاننامەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پاراستنی منداڵان و دەتوانیت کۆپییەکی لە کارمەندانی سەنتەرەکە وەربگریت. لەژێر مەرجەکانی ئەم ڕێبازەدا، دەبێت دڵنیابیتەوە لەوەی لەگەڵ منداڵان و گەنجاندا بە ڕێزەوە ڕەفتار دەکرێت. دەبێت هەمیشە دڵنیابیت لە پاراستنیان و چاودێریکردنی خۆشگوزەرانی گشتییان.

### 3.5.4 سەرپەرشتیکردنی منداڵان لە شوێنی نیشتەجێبووندا

دایک و باوک و سەرپەرشتیاران لە هەموو کاتێکدا بەرپرسیارن لە منداڵەکانیان. دایک و باوک و سەرپەرشتیاران دەبێت دڵنیابن لەوەی منداڵەکانیان سەرپەرشتی پێویستیان هەیە لە کاتی نیشتەجێبوونیان لە شوێنی نیشتەجێبوونیIPAS دا .

ئەوە بەرپرسیارێتی دایک و باوک و سەرپەرشتیارانە کە دڵنیابن منداڵەکانیان سەلامەتن و چاودێری دەکرێن. ئەگەر پێشبینی بکرێت منداڵێک لە ژێر مەترسیدایە، ئەوا ئەرکی کارمەندانی سەنتەرەکەیە کە پەیڕەوی ڕێبازی IPAS بۆ پاراستنی منداڵ و پاراستنی خۆشگوزەرانی، و ڕێنمایی نیشتمانیی (منداڵان لە پێشەنگدا) بۆ پاراستن و خۆشگوزەرانی منداڵان بکەن .

کارمەندانی سەنتەرەکە ناتوانن چاودێری منداڵەکانت بکەن. تکایە ڕێکخستنی گونجاو بۆ دایەنیکردن و چاودێریکردنی منداڵ بکە ئەگەر تۆ لە سەنتەرەکەدا نیت. نابێت منداڵان بۆ شەو لەلای نیشتەجێبووانی تر جێبهێڵرێن مەگەر لە حاڵەتی ناوازەدا، ئەویش بە ڕەزامەندی پێشوەختەی بەڕێوبەرایەتیی سەنتەرەکە. ئەگەر منداڵەکەت بۆ هەر ماوەیەک لەژێر چاودێری کەسێکی گەورەی نیشتەجێی سەنتەرەکەدا جێدەهێڵیت، دەبێت ئەو فۆرمە پڕ بکەیتەوە کە لە پاشکۆی 5ی ڕێبازی پاراستنی منداڵ و پاراستنی خۆشگوزەرانیدا هەیە - بەڕێوبەری سەنتەرەکەت دەتوانێت ئەم فۆرمەت پێشکەش بکات .

ئەگەر دایکێک یان باوکێک منداڵێک بێ سەرپەرشتی جێبهێڵێت، ڕێساکانی ناوماڵ پشتگوێ بخات، یان منداڵێک بخاتە مەترسییەوە، کارمەندان **بەپێی یاسا داوایان لێدەکرێت بابەتەکە وەک نیگەرانییەکی خۆشگوزەرانی و پاراستنی منداڵ بە Tusla** ڕابگەیەنن . Tuslaئاژانسی تایبەتی دەوڵەتە کە بەرپرسیارە لە باشترکردنی خۆشگوزەرانی و دەرئەنجامەکان بۆ منداڵان.

### 3.5.5 مانەوەی شەوانە لە شوێنەکانی تر

وەک بەشێک لە ڕێبازی پاراستنی منداڵ و پاراستنی خۆشگوزەرانی، دەبێت پێشوەختە بە بەڕێوبەری سەنتەرەکە بڵێیت ئەگەر منداڵەکەت بڕیارە بۆ شەوێک لە شوێنێکی تر جیا لە سەنتەرەکە بمێنێتەوە.

دەبێت ناو و ناونیشانی ئەو کەسە بە بەڕێوبەرەکە بدەیت کە منداڵەکەت لەلای دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەو بەروارەی کە پێشبینی دەکەیت بگەڕێتەوە - ئەمەش دەبێت بە پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە بکرێت کە لە پاشکۆی 5ی ڕێبازی پاراستنی منداڵ و پاراستنی خۆشگوزەرانیدا هەیە - بەڕێوبەری سەنتەرەکەت دەتوانێت ئەم فۆرمەت پێشکەش بکات. ئەگەر ئەمە نەکەیت، ڕەنگە منداڵەکەت وەک کەسێکی بەتاڵاچوو (ونبوو) بە Tusla و An Garda Síochána (پۆلیسی ئێرلەندا) ڕابگەیەنرێت.

## 4 ڕێکاری سکاڵاکان

ئەم بەشە ڕێکاری سکاڵاکانی IPAS دیاری دەکات. ئەگەر سکاڵایەکت هەیە سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت، دەبێت پەیڕەوی ئەم ڕێکارە بکەیت بۆ ئەوەی بابەتەکە بە خێرایی و کارایی چارەسەر بکرێت.

لە بارودۆخی ناوازەدا دەتوانیت سکاڵا ڕاستەوخۆ پێشکەشی IPAS بکەیت بەبێ ئەوەی لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکەت قسە بکەیت. ئەمە تەنها دەبێت لەو حاڵەتانەدا بکرێت کە هەست دەکەیت مەترسییەکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر قسەکردن لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکەت یان لەو شوێنەی کە تۆمەتی خراپ بەکارهێنان یان زیانگەیاندن بە نیشتەجێبوویەک لەلایەن کارمەندانی سەنتەرەکەوە هەیە. دەبێت ڕوونی بکەیتەوە بۆچی سکاڵاکە ڕاستەوخۆ پێشکەشی IPAS دەکەیت و ڕەنگە IPAS ڕازی بێت بە تاوتوێکردنی سکاڵاکە بەبێ پەیڕەوکردنی ڕێکارەکە.

تۆمارکردنی سکاڵا کاریگەری لەسەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیت نابێت..

***نهێنیپارێزی***

تەواوی سکاڵاکان بە هەستیارییەوە و تا ڕادەی گونجاو بە نهێنی لەلایەن کارمەندانی سەنتەرەکە وIPAS ـەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. بەڵام بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵایەک ڕەنگە پێویست بێت ڕاوێژ بە کەسانی تری تێوەگلاو بکەن.

***لایەنی سێیەم کە لەبری تۆ کار دەکات***

دەتوانیت کەسێک دەستنیشان بکەیت بۆ ئەوەی لەبری تۆ لەگەڵ IPAS قسە بکات؛ ئەوان دەتوانن هاوڕێ، ئەندامی خێزان، پارێزەر، یان کارمەندی پاڵپشتی بن. ئەگەر کەسێکی تر لەبری تۆ پەیوەندی بەIPAS ـەوە دەکات، دەبێت مۆڵەتێکی نووسراو و واژۆکراو لەلایەن تۆوە پێشکەش بکات کە تێیدا هاتووە وەزارەت دەتوانێت لەبری تۆ لەگەڵیاندا پەیوەندی بکات.

کاتێک سکاڵاکەت تۆمار دەکەیت، دەتوانیت داوای یارمەتی لە هاوڕێیەک، خزمێک، ئەندامێکی گرووپی پاڵپشتی، یان هەر کەسێکی تر بکەیت کە دەتەوێت یارمەتیت بدات. بەڵام IPAS و بەڕێوبەرایەتیی سەنتەرەکە مافی خۆیان دەپارێزن کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆتدا سەبارەت بە سکاڵاکەت پەیوەندی بکەن.

***هەنگاوەکان***

ڕێکاری سکاڵاکانی IPAS چوار هەنگاو لەخۆ دەگرێت:

**هەنگاوی 1: بە شێوەی نارەسمی بۆ بەڕێوبەری سەنتەرەکە**

کاتی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ کێشەیەکدا کە پەیوەندی بە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت یان خزمەتگوزارییە هاوپێچەکانی دابینکراو لە سەنتەرەکەتدا هەیە، دەبێت لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکەت قسە بکەیت و دەرفەتی پێبدەیت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بە شێوەیەکی نارەسمی.

**هەنگاوی 2: بە شێوەی ڕەسمی بۆ بەڕێوبەری سەنتەرەکە**

ئەگەر بە شێوەی نارەسمی لەگەڵ بەڕێوبەری سەنتەرەکەت قسەت کردووە و بە دەرئەنجامەکە ڕازی نیت، دەتوانیت سکاڵایەکی ڕەسمی، بە نووسین، پێشکەشی بەڕێوبەری سەنتەرەکەت بکەیت. بەڕێوبەرەکەت 14 ڕۆژی لەبەردەمدایە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سکاڵایە بە نووسین. سکاڵاکە دەکرێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بنێردرێت یان بە دەست بنووسرێت .

لە سکاڵایەکی ڕەسمیدا بۆ بەڕێوبەری سەنتەرەکە دەبێت ئەم زانیاریانەی خوارەوە بخرێنەڕوو:

- ناوی تۆ
- ژمارەیTRN ی تۆ
- وردەکارییەکانی سکاڵاکە
- وردەکارییەکانی گەیاندنی سکاڵاکە بە شێوەی نارەسمی بە بەڕێوبەری سەنتەرەکە بە پشتبەستن بە هەر دەرئەنجامێکی پێشنیارکراو یان جێبەجێکراو.

**هەنگاوی 3: بە شێوەی ڕەسمی بۆ IPAS**

ئەگەر سکاڵایەکی ڕەسمیت پێشکەشی بەڕێوبەری سەنتەرەکەت کردووە و بە دەرئەنجامەکە ڕازی نیت، یان ئەگەر نەیانتوانی لە ماوەی 14 ڕۆژدا وەڵامت بدەنەوە، دەتوانیت پاشان سکاڵاکە ڕاستەوخۆ ئاراستەی IPAS بکەیت بە ناردنی ئیمەیڵ بۆ بەشی یارمەتی IPAS لە ipasinbox@justice.ie یان بە پۆست بۆ تیمی خزمەتگوزارییەکانی کریارانی IPAS, PO Box 11487, Dublin 2.

بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکەت، IPASڕەنگە داوای زانیاری زیاتر لە تۆ بکات و ڕەنگە ڕاوێژ بە بەڕێوبەری سەنتەرەکەت و کەسانی تری تێوەگلاو بکات .

لە سکاڵایەکدا بۆ IPAS دەبێت ئەم زانیاریانەی خوارەوە دابین بکەیت:

- ناوی سەنتەرەکەت
- ناوی تۆ
- ژمارەیTRN ی تۆ
- وردەکارییەکانی سکاڵاکە
- کۆپییەکانی سکاڵای ڕەسمی بۆ بەڕێوبەرایەتیی سەنتەرەکە و وەڵامەکەیان
  - یان
- وردەکارییەکانی بۆچی سکاڵاکەت نەبردووەتە بەردەم بەڕێوبەرایەتیی سەنتەرەکە

**هەنگاوی 4: تێهەڵچوونەوە بۆ ئۆمبودسمان یان ئۆمبودسمانی منداڵان**

ئەگەر بە دەرئەنجامی سکاڵایەک بۆ IPAS ڕازی نیت، دەتوانیت تێهەڵچوونەوە (appeal) بۆ دەرئەنجامەکە بکەیت بە پەیوەندیکردن بە نوسینگەی ئۆمبودسمان یان نوسینگەی ئۆمبودسمانی منداڵان بەپێی گونجانی بارودۆخەکە.

نوسینگەی ئۆمبودسمان:

تەلەفۆن - 01 639 5600

ماڵپەڕ - www.ombudsman.ie

نوسینگەی ئۆمبودسمانی منداڵان:

تەلەفۆن - 01 856 6800

ماڵپەڕ - www.oco.ie

